هۆنراوە

# هۆنراوەکانی تیلەکۆ

عاسی عەلی تیلەکۆ

٢٠١٢

ناوی کتێب: هۆنراوەکانی تیلەکۆ

بابەت: هۆنراوە

ناوی شاعیر: عاسی عەلی تیلەکۆ

تایپ: ئومێد جاف

دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووک ژمارە ١٦٩

چاپخانە: کارۆ

چاپـــی دووەم: ٢٠١٢

تیراژ: (٥٠٠) دانە

# کەرکوک

بابڵێسەی تۆ من بسووتێنێ
هەر لە باوەشتا گیانم دەربهێنێ
چۆن نەوەی هەزاران ساڵەم
کێ بێ بمکوژێ لەسەر خاکی تۆ
ئەی بابەگوڕگوڕ خوێنم بڕژێنێ
نەوەك مەرگی من خاکی تۆ خوێنێ
ملیۆنان وەك من عاسی دەهێنێ
ئەی چرای چاوی گەل و نیشتمان
ئەی هێزی دڵی کورد و کوردستان
قازی چوارچرا و شێخ سعی پیران
مەلیك مەحمود و مستەفای بارزان
هاکا ها دەرچوون لە بابەگوڕگوڕ
بۆ تۆڵەی کورد مۆمیان داگیرساند





# پێیان وتم

پێیان وتم بەسیەتی خەم
شاعیر دڵفراوانە
شاعیر وشەی نێو کۆمەڵە و
بۆ دوارۆژی منالاّنە
بۆ ئایندەی هەموومانە
وتم بڵێن کێ بێ وەك من
شەو لە ئێشی نیشتمانی
کێ بێ وەك من
بۆ منالاّن باپیرە بێ
شیعرەکانی هەڵبژێرن
هەڵیانگرن بۆ گۆرانی
ئای ئەو چاخەی تێیدا ژیام
چەن بە سوڵتان ناشکوربووم
چەن بە وشەی هۆنراوەدا

خۆم هەڵواسی

وەك منالّێك بۆ جۆلانە

سەرسمم داو هاتم و چووم

چاوەڕێ بووم هەتاو هەڵبێ

تەماشام کرد

هەتاو هەڵهات خەتام نەبوو

کەچی لەوێش پەشیمان بووم

پەشیمان و بارگران و دڵ وێران بووم

٢٠٠٩/٧/٢٥ سلێمانی





## بە منالّی فێرکراوم

بە منالّی فێرکرابووم

کە چاوێکم لە خەمدابێت

ئەو ڕۆژانەی فێرت کردم

وێڵی تۆ بم..

بە هەناسەی هەنەسکەوە

چاوبگێڕم بۆ دیدەنت

تۆش لە خاکی بێ خەمیدا

خۆت دەژیان

لە ناخەوە هەڵدەقولاّ خەمەکانم

ژیان نەبوو خەومەبینی هەموو ساتم

بەڕێم دەکرد ساتی بوونم

وەنەوزی خۆم

لەنێو جێگای زامەکانما

ژانم دەژمارد

ژانەکانم نەبڕانەوە
وەك زەمەنی مەرگەساتێ
پێم خۆش نەبوو
کە بتبینم پەشیمانی
چاوەکانت دوا بڕیار
بوون بۆ بوونی من
بەڵام زەوی ئاسمان بەرزە
چاوەکانی لێت دەڕوانن
هاوارم کرد دەردم سەختە
ئاسمان بەرزە
ئەم خەیاڵەم لە ناخدا
ئەی من دەستم بتگاتێ
ئەی چۆن من دەستم بتگاتێ





## هۆرەی شاعیر

شاعیر ڕۆژێ هۆرەی دەکرد
وشەکانی هەموو سڕبوون
هۆنراوەکان بازووی بازبوون
لەگەڵ شەماڵ ڕێیان دەکرد
بۆ گشت ماڵێ
لەم وەڵاتە بەڕێوەبوون
من نازانم تا ئەمڕۆکە
ئەی ئەوانەی خەڵکی
کوێ بوون..
لە گۆرانی و هۆرەی شاعیر
جار بە جارێ گوێیان دەگرت
من گوێگربووم
وامدەزانی دار و درەخت
چەم و ڕووبار
گڤەی شانی ڕەشەباکان
بۆ بینینی هۆرەی شاعیری

بەسۆزەوە لەگەڵ ڕۆژگار
هاواریان کرد
هۆرەکانیش لەگەڵ قەدەر
بەدەنگ هاتن
لەو هۆرەیە و سرِی شاعیری
سکاڵا بوو
ئەو زەمەنەش گشت
لە ئێش و ئازاری کورد
وتیان دەنگی بەسۆزە
دێتەوە گوێ
دەڵێ نەبوو لەم جیهانە
ڕۆژێ بێت و لێی بپرسێ
ئەو لە داد و هاواری کورد
کە جەلاد و خوێنڕێژەکان
بە قەڵاچۆی ئەم میللەتە
ستەمدیدە
کە چیان کرد کە چیان کرد





## هەوار

وێڵ بووم و بە هەوای هەواری بارانێ
زەوی حەزم دەشنایەوە
هەوار چۆڵ و
چاو بەگریان ڕازەکانی
شەوانی خەم
لە ناخمدا دەکرایەوە
وتم زەمەن ساتە وەختێ
کۆڵ بۆ دەردێ دەگرێتەبەر
هەر ئەوەندەم لەبیر ماوە
ژیان بە ژان ناچێتەسەر
چۆن ئەوساتەی
لەگەڵ تۆ بووم
وێڵ بووم بە شوێن هەوارێکدا
شەو ئێشکی خەیاڵی گرت

# يادي تۆ

كە ڕۆژ ڕاچوو
شەویش شانۆی وشەكانم
هۆنراوەیەك مێژووی شیعرێ
لەبەر دەكات
وتم زەمەن زامەكانی
كاتی سەفر لە ناخدایە
هەناسەیەك بە چۆڕاوگەی
ئەشكی شەوان
خەونی ژینی ڕابردوومە و
بەرە و هەوار تەمەن دەڕوات
ئەشم زانی لە جێگای گوڵ
دەستم بۆزی خەمی خۆمم لەبەر دەكات
بیر و هۆشی شەوانیشم یادگارێكە
جگە لە خەم چی كەم هەبێ





وەك پەنایەك
بۆ هەواری چاوەكانت
دڵی شێتم سووژدە دەبات
ئاخ لە دەروون چەند بێدارە
سەختی زامی هەرزەمەنێك
دەكۆڵێتەوە
بەرەو مەرگی بێ دەوائی
ژیان دەمبات
گۆرانییە ئەم وشانە
بۆ شەوانی ساتەكانم
شوانكارەیە پەنا
بۆ بەر هۆرە دەبات

٢٠١٠/٧/١٦

## دڵم

دڵم بەخشی بە چاوەکەت
بێ بە چرا و رووناکی رێم
هەر نەمزانی لەو بەڵێنەی
پێمت بەخشی
نەشم زانی پەشیمانی
دێتە سەر رێم
چەندە سەختە ژانی ئەڤین
دەردی دووری گەڕانەوەت
لەبەرچی بوو..؟
رۆح و دڵم بە تۆ بەخشی
ئەگەر ساتێ بڕوات هەبێ
لە هەژاریم لاکەیتەوە
بڕوات هەبێ





تەمەن هەر دەڕواتە
ناو بەهەشت دەبینێ
خۆشم ئەوێی تا ئەوکاتەی
کە خوای عەشق ئەمباتەوە
هەر چاوەڕێی لوتفێکی تۆم
بەڵکو دڵت چاکاتەوە
من رێبوار و ماندوونەناس
سۆزی ئەوین دەمهەژێنێ
سکاڵام کرد کەی رەوایە
هەتا ماوم بمسووتێنێ

٢٠١٠/٩/٢٤ سلێمانی

## گریان

من گریانی گریانێك بووم
لە ناخەوە هەڵدەقوڵام
زۆریش گەڕام
خەم کەوتە ڕام
هێندە گریان
بووم بە بۆسۆ
بە خۆڵەمێش
وەها سووتام
سووتانێکی دەستی زەمەن
بەرەو هەڵدێر لە ژانی نام
چەندە سەختی ژانەکانم
هەنگاو بنێ لەبەر پێما
وچانەدەن بە ئاسانی
لەبەر پێما





پێم نەوتی وازناهێنم
لەو ڕێبازەی خۆشەویستی
عەشقی چاوت
خۆ ڕۆژێك دێت
چاوەڕوانی ئاواتێکە و
بەهرەی خوایە
سۆزی دەروون
هەر پێی دەگەم
ئەڤینێکە و دێتە ڕێگام
هەر بە وردی
لە هەناسەی خەمەکانما
لەبەردەرگای ژین و ژانما
نووسیمەوە بە شەوانە
چیم لێدەهات
چۆن دەسووتام
لەناو ناخی ئازارما
دەبووم بە مۆم
مۆمی عەشقی چاوەکانت

دەکوژامەوە و..
جار ناجارێك گڕم دەگرت
وام لێدەهات وردە وردە
دادەگیرسام
پێشیان وتم وازبهێنە
وتم نانا چۆن وازدێنم
هەر ڕۆژێك دێت شادی
ژیان بێتە ڕێگام
سەرگوزشتەم فەرهادێك بوو
لەم ژیانەی تیا دەسووتێم
دڵ گەشبینە هەڵبێ چرام

٢٠١٠/٢/١٨





## ئاهێک

ئاهی من ئاهی بێدارانە شەو
زامی دڵ مەزرای بێزارانە شەو
چۆن لە چاوی من دەڕوانی
زامی هەژارانە شەو
تۆش لە دیدەی خەم
بێباکی گیانە
چەن سەختە زامانی شەو
پێم وتی خۆشتم ئەوێ
تۆ وڵامێکت نەبوو
فەلسەفەی عەشقە
ئەم شیعرە
شاعیر بێدارە هەمیشە
دڵ بریندارانی شەو

پێم وتی چی دەزانی
دەردی بێدارانی شەو
تا بەیانی هاتوچووم
خەو لە چاوانم نەکەو

٢٠١٠/٩/٢١ سلێمانی





## دڵتەنگم

دڵی تەنگ و شەوی تەنیام
کۆسپی گەورەی بەرپێ و ڕێگام
گریەی ژان و هەناسەی کورت
پەنجەی لەرزۆك و خامەکەم
ئێشی کورد و..
کوێرەوەری لەگەڵ خەمی
کۆڵ بە کۆڵی و
هەم هەژاری بێ هەواری
چەندین ساڵە درك و خاری
ژێر پەنجە و پام
سوورکراوە ڕەنگین و گەش
بۆ گڕێکی نەورۆزی
کوڕ لە شارەکەی بابەگوڕگوڕ
هەڵتووتاوی زامی زەمەن

هەموو وەرزێ

لە ناخەوە هەڵدەقرچانم

بۆ ئاگرێکی داربەڕو بێ بۆنی بکەم

بە یادگارێك نووسراوێك لە شارەکەم

کەرکوکی کورد و..

بە هەواکەی بێشك دەژیام

٢٠٠٣/٢/١٢ کەرکوك





# یادکردنەوەیەک

ئەی تۆ کێ بووی

لای خۆمەوە لەبیرت کەم

تۆ ئەو خاکەی

لە ترۆپکی خۆڵی نەرمت

لە باوەشی زەوی گەرمت هەڵمت قوڵان

ناوم نەنایت تاپێت بڵێم

خۆزگەی دڵ و دایکی کوردان

هۆ کوردستان..

من لە تۆوە من بە تۆوە

بە گشت زەوی ئەم گەردوونە

بێ گومانم

خۆمم بینی خۆمم ناسان

ئەی نیشتمان

وتیان تۆ چیت لە کوێ بوویت و

لە کوێ دەژیت

من مرۆڤم لە کوێ دەژیت

لە خاکەکەی بێ ئاڵای کورد
ماد و بابان لەناو هەوای گەش و سازگار
لە سەگرمە و پیرەمەگرون
ئاکۆ و قەندیل حەسنەکۆڵە و
هەیبەت سوڵتان
لە گەرمیانە ڕەشپۆشەکەی
باوە شاسوار ئیبراهیم خان
خاکی نەوەی کوردی زەمان
هۆ کوردستان خاکی دیل و
بێ سەروشوێن
ڕەشپۆشەکان ئەی تۆ دایك و
سایە و سەرنیت
ئەی تۆ قەڵا و مەنارە نیت
نیشتمانە شیرینەکەم
تۆ باوان و ساو سێبەر نیت
تۆ هێلانەی
شێرەکانی ڕۆژی تەنگ و
تۆ سەنگەر نیت





لانەی ئازا و نەبەردانی
نیشتمانی کۆڵنەدەر نیت
ئەی نیشتمان قەڵای مەردان
هۆ کوردستان
چی کە بڵێم لە دڵدابێ
بۆ بێ ماڵ دەستەسەر و
بۆ هەژاران
بۆ سەرنگون بێ ناونیشان
قوربانی بوون ئێستا و
ئەوسا نین و نەمان
لەژێر چنگی چەرخی ڕەشدا بوون
بە خۆڵ و خاك و سووتان
وەك تیلەکۆی دەروون دەرد و
ئازار و ژان بۆ نیشتمان

# خەمەکانم

شەوانەم خەمی پڕ لە ژانی تۆ
ڕۆژانەم دڵەی ئاگر و گڵکۆ
وەك کانی و ئاو و ئاهی هەژاری
شەپۆلی حەسرەت دەردی
دووری تۆ..
خۆشی میوانی سەر ڕێگەی دوورە
جەرگی خەماوی خوێنێکی سوورە
دەسکە گوڵێك بووی لە باخچەی ژیان
ڕۆژگار ئەو گوڵەی لەبن هەڵوەشان
وەکو سەرچاوەی کارێزێکی خوڕ
فرمێسکی گەش و گەرم و کوت و پڕ
بۆ سەر ڕوومەتی هەڵپڕوکاوم
بە ئاوی چاوی خەم ئاودراوم
دێراوی باخچەی خۆزگە و خوێناوی





وەك هەوری گەواڵ ڕەش و ڕقاوی
مەنگی بارانەی سوور و تاریکە
دەمی گوڵ لە دێم تینوو بۆ ئاوی
گوڵە نێرگزی گەش و ڕەنگاوە
بەهاری ژینی پێ ئاو دراوە
لەبن دەریکرد ویژدانی ڕۆژگار
خەمی پڕ لە ژان ژیانی هەژار

* لە ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق ژمارە ٦١٧ ساڵی ٢٠٠١

# ئازیز

ئازیز لە دووریت خۆ دڵ شکاوە
ئەزانم باخی خۆزگەش بێ ئاوە
ئەوەی من دەیڵێم بە باڵای تۆدا
ناتوانم بیڵێم بە کەژ و کۆدا
هەرچەند شاخان جوان و ڕەنگین
تۆش بێ گومان بە بەهاری ژینت
بەڵام وەکو تۆ کێ نازدار دەبێ
گوڵاڵەی گەشی مێرخوزار دەبێ
هەرچەندە گوڵزار جوان و ڕەنگینە
فریشتەی شۆخ و لە باخچەی دەوران
نەکەوی بەمۆ و شاخی هەورامان
ناگەن بەشێوەی ڕەنگین و جوان
یان گەش و ڕەش پرچی قەترانیت





ئیتر کۆتایی نامەکەم تەواو
پێشکەش بە ئازیز بووی وەنەوشەی خاو

* لە ڕۆژنامەی صوت التامیم . ژمارە ٥٢ ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە.

## چ

چ تەسكینی ئەم دڵەیدا
پاش برینێك بكولێتەوە
كام ئاوازەم لەلا خۆشە و
شوێن هەواری زامەكانی
ڕابووردومان سارێژبكا و
جێگاكانی بگرێتەوە
ئەو دەمانەی لەسەر جێگام
لە ژوورێكی چۆڵ و خامۆش
گوێیەكانم لە تەنیایی و
سامناكی شەو بە ئاستەمی
دەزریكێنێ و دەزڕێتەوە
بە زامێ كە هەڵتووتاون
گیان ڕەشپۆشی ئەدگارێ بوو





ئەو ڕۆژانەی ڕۆژئاوا بوو
زەردەخەندەی هەتاوێكی
پێش خۆرم ئاوام بیردێتەوە
چركەی ژانی وەنەوزمدا ڕۆژئاوا بوو
چاوەڕوانی هەڵبێتەوە
ئەی ئەو چرۆی زووتر بڕا
چاوەڕێی بووم
وەكو عەشقی كە لەناخدا
دایكوتابوو بۆ زەمەنێك بەڕێوە بێت
سەرهەڵدات و بڕوێتەوە
ئەی ئەو چرۆ بەژن تەڕەی
كاتی لاوی نەمدەزانی
تۆ گوڵێكی تازە پشكۆی
نازك كە سەمای خەم
لە دەروونا ڕادەردەكاو دەسڕێتەوە
ئەو بەهارە ڕەنگینەم بووی
یاخود شەوبۆی مێخەك بەندی
شاری عەشق و دڵداریم بووی

شەمامەیەك نەخشین و شۆخ

من منالٚ و پیڕەوكە بووم

تۆش یاریم بووی

تۆ ملوانكەی منالآنی كوردەواری

ساتەكانی خۆشەویستی و یادگاریم بووی

٢٠٠٣ كەركوك





## بۆ جارێكە

ویستت دلّم بشكێنی

گیانی سۆز بسووتێنی

بۆ جارێ كە هەوالّێك جەرگ و

دلّ بتەزێنی

بەلاّم نازانم بۆ وابووی

بووی بەزامی ناخ و گیان

منی بەندەی دەستی خۆت

دەتەوێ بمسووتێنی

هێندە بە ڕقی تۆلّە

چاوانت كردە چاوم

شووشەی دلّی بێ هێزم

ڕەنگی خەمی ڕۆژگارە

داری دەستی ئازار و

كوژراوی ستەمكارە

ئەمجارەش وەكو جاران

دڵی من دەڕەنجێنی
سزای ئەوەم نەداوی
خەریکی دڵڕەنجانی
کارەکانت ناڕەوان
یاسای بێ سەروشوێنی
بەسەر لاشەی شکستا
هەموو هەنگاوت دەنا
ڕۆژێ دێ پەشیمانی
ئاخی خۆزگەت بچێنی
هەرچەند خەیاڵم کردی
تۆ لە خەونی شەوما بووی
سروودی شاعیرێکی
دێوانەی سەرکەژ و کۆ
ئازارەکانم زۆربوون
بە وێنەی کەفتەی جێگا
تۆش لەسەرووی هەموویان
تێکەڵ بە گۆشت و خوێنی
نەتزانی هێزی دڵ





هێندەی پێوە نەماوە
بەرەو ناخی خاك بچێ
لە پێچی دیواراندا
چاوەکانت ئەستێرەن
لە گەرووی خاك نیشتوون
لەژێر خاکی بێستوونام
بەسەرما دەیڕوخێنی

٢٠٠٨ کەرکوك

## بۆ تۆیە

بۆ تۆیە هێزی دڵم
ڕۆح گیانیش لە لەشدا
لەش خوێنی دەروونە و
سۆزی دڵ ڕادەچێنێ
خاك هەواری عەشقت
دەروێشکە لە گەشتا
گەڵای تەمەن بەپێوە
دڵ ڕازی خەونی شکان
هەرچیت کرد
لێت خۆش دەبین
لێم تێبگە بە کوردی
لەوەتەی کە تۆم ناسی
خۆشیم لەم ژینە کەی دی





هەندە دڵ ڕەقی گیانە
لەناخما ڕەگی عەشقت
کردمی بە والی ئازار
خەم هەروەکو بت پەرستان
بۆ تۆ بووم بە دێوانە
ڕۆژانێکە ئەو دڵەم
سەمای هەڵبەستی دەکات
وشەکان کۆڕ دەبەستن
کەچی ئەو لە من ناگات
هەرچەن وتم ئازیزم
ئەم سۆزی خەم و ژانە
ڕەگی لە دڵ کوتاوە
ئازارم زۆر پێ دەگات
مەیکە مەست کە خانەی
وێرانەی مەرگ
کێ لە ئاستی مەرگ
توانی بوەستێ
خەم بووەستێ

لە پاشا و گەدا و
سەروەری زەوی
هەزاران ساڵ دونیایە
لە ئاستی مەرگ و مردن
شاش وەك ئێمە گەدایە
هێندە شەرمەند و غەمگینە
پەنامان لای خودایە
لە جەنگەڵی هەوارە
بەرەو وێرانە دەڕۆین
وێرانە دڵی وێران
بۆیە دیل و ڕەنجەڕۆین
هەموو دارێك بناسە
لە کۆیلەی هەورە ڕۆژە
ئەی دونیا بۆ کێ ماوە
وەك بۆ من و بۆ تۆش

٢٠١١ کەرکوك





## ڕۆژ

ئەستێرەکان لە خەو هەستان
چاویان کردە باوەشی ڕۆژ
ڕۆژیش سەری لە زەوی نا
نسرمەکان چاویان دەکرد
باڵندەکان کۆبوونەوە
بۆ جیهانی خۆشەویستی
بەرەو کوێستان بۆ شاری دڵ
سەریان هەڵگرت
منیش مێژوو سەری گردم
لە باوەش خەمی خۆمدا
بۆ بێلانی
وڵاتێکە بەش بەشکراو
نیشتمان و نەتەوەی کورد
خوێن و فرمێسك
لە گلێنەم هاتنەخوارێ
بوون بە ئەشك و چاومیان دەگرت

خۆرهەڵاتێك چاوەڕێم کرد
لە دوورەوە سەری نایە وڵاتی کورد
وانەزانی هەموو خەونێ ڕاتپەڕێنێ
گوێسەبانەی ماڵەکانیش
بە خوڕاوگەی خەمان دەگاو
تێدەپەڕێ و سەرهەڵدەگرێ
خاك وانییە بۆ گۆرانی
هەموو کەسێك سەما بکات
نەوەك شەوێك
دڵی بەندی ئەوینی
خەم سەرهەڵگرێ لێرەش بڕوات
نەوەك شەوێ لە ساباتی زەمەنێکدا
ئازارەکان جەستە بگرن
یادەوەری خەونەکانی ڕابردومان
بە کاکۆڵی هەورا بگات
خەمێ نەتبا بە خەیاڵا
ڕابردوومان لە ڕێدابێت
تەونی زامی زەمەنێکە





بۆ هەڵگرتن لەباوەشی نێ
شانەی بکات
ڕۆژی کاروان چ ساتێ بوو
وەرزێری بووین
هانا بۆ شەماڵ
ڕادەبەین
لە جێگەی
جارێ هەزار جار
پەنا بۆ خاکی خەم دەبەین
بە هەورازی خەمانی دڵ
جۆگە و ڕووباری پێدەکەین
لە شەوگاری سامناکی ژین
هانا بۆ هەوری تاڵ دەبەین

٢٠٠٨ سەنگاو

# دایک

دایە گیان بۆ تۆ
دڵم بەسۆ بوو
بۆ سۆی کڕووزان
لە ناخی دەروون
کە شەوگار هەڵچوو
بە سەرمای پاییز
شیوەنی شەویش
هەرگیز بۆ تۆ بوو
کە ڕەنجی ساتی هەراسانیتدا
لەپێناوی من
لەناو بەرگی خەم
بەرەو تەمەنێ هەنگاوم دەنا
ڕۆژێك گەورەبم





خۆمن دەمزانی
ئاواتی دڵەی گشت
هەموو ژیان و
ئارەزووی تۆ بووم
بەڵام گەورە بووم
بۆ دەربەدەری
زامی پڕ لە سۆی
ئازارەکانت
زیاتر هەڵکشان
بەرەو خەمی ژین
هەزاران ئاخم
لە دڵ بۆ خواردی
چوومە ژێر ژان و
شالاوی ڕۆژگار
چیبکەم لە چەرخی
زەمانەی بەدگۆ
نە من تێر شیری حەز و
خۆزگە بووم

نە تۆش لەم ژینە
خێرت لە من دی
هەزاران داوای دڵان بێ بۆنە
هەرکە گەردنی
ئاسمانم بینی بەرەو
سەرزەوی چاوی کردەوە
ڕاستە کە ڕەنجی
سەدان مەم و زین
بەر شەپۆل کەوتن
هەوری تاڵ و تەم
گوڵزار بێ گوڵ بوو
لە بەهارانا
ئێمەش لە ژانی
شەوگاردا دەژین

١٩٧٨ بەسرە





## کۆچی شەوگار

ئەگەرچی شەویش کۆچێکە و
ڕێبواری زەوی گەردوونە
دەڵێن ژیان خۆشە
هەرگیز بڕواناکەم کە وەهابێ
ئەی نەوەی زوبانی کوردان
لە مێژە سەرا هەرایە
ڕاستە ژیان خۆشە
بۆ بوون نە بۆ تۆیە
نە بۆ منە
پاسارییەکان
دەجریوێنن بەرەبەیان
شار وێرانە و دێهاتم چۆڵ
خاکیش دەگری
لە باوەشی بەندی زەمەن

کوڕووزاوی گڕ و خوێنە

بە دەروونی کام دایکدا

تێپەڕ نەبوو

ئەم هاواری دڵی منە

بە کێ بڵێم من ئەو کەسەم

لە نەبوون و بۆ ژین هاتم

لەگەڵ گرێی کردنەوەی

چاو بەکۆتەوە هاتمە دونیا

هێشتان ساوای دەوری خۆم بووم

دارێکم بۆ خاك

سەکۆی بەرزی شاخەکانی

کوردستانم مژدەی پێدام

وتیان لەوێ گوایە

لە کوێ گوڵ دەڕوێ

لە هەر شوێنێ کە دایبنێی

کەنار دەگرێ

لەسەر خاکی نیشتمانێك

لەبن بەرد و لا دیواران





بە خوێن تەڕە دەشت و دەر و

گشت کۆساران

لە مێژەوە ئاودراوە

بە خاکێکی وەك کوردستان

لەهەر کوێدا هەنگاوت نا

ڕووەکێك دانێ

بێ گومان خۆی بە کەللەی

شەهیدێکدا ڕاماڵ دەکاو

ئەو سەوز دەبێ

٢٠٠٤ کەرکوك

# خەم و خەزان

ئەی پایزی وشکە خەزان
هەنگاوبنێ
با سروودێك بۆ هێلانەی
باڵدارەکان بێتەکایە
ئەم ئێوارە چاوەڕێ بووم
بەسەر باڵای ئارەزوودا
تاوێ باران لە ئامانی
گەردوونەوە ببارێنێ
ئەم پایزە وشکە خەمەم
گەڵای زەردی سەرچڵەکان
وەشتێ هەڵکا و
شەماڵێ بێ ئاخەکانم هەڵوەرێنێ
با گوڵەکان چرۆ دەرکەن





سەوزە گەڵای بەهارێکی نوێ
بڕوێنێ..
من و تەمەن خەزان و
خەم هاوڕێیەکین
ئەی گوڵاوی خۆزگە و حەزم
لەم زەوەندی هەوارەدا
چ ڕۆژێ دێ چاوەڕێ بم
چەپکە گوڵێك لەگەڵ نەورۆز
لە باوەشی بابەگوڕگوڕ
لە یادگاری دڵداریما
چاوەڕوانم هەڵیرژێنێ
دڵم تیرکا و
ئیتر بەسە و نەمسووتێنێ

لە گۆڤاری نەوە. ژمارە/٢٨- ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە.

## شەوی ناسۆر

شەو درەنگ و
کارەساتی عومری مەینەت
باڵی ڕەشی هەوری ناسۆر
خۆی کێشابوو بەسەر
لاشەی هەژاریما
لە جێژوانی نامورادی دوورە
خۆزگە ئەڵقە ئەڵقەی
ماری ژانە لە دەرووندا
پێچی ئەخوارد
نەك هەر بۆ خۆم
بۆ ئەوانەش ماندووی ڕێگەی
نەهاتی بوون
لە ناوگێری بەدبەختیدا
ژانی ژینی خۆیان ژمارد
لەگەڵیانام





لەناو هەستی بەکوڵیانام
هەتاکو کەی لە فرمێسکی
ئەم هەورەدا
چاوی خۆزگە هەڵبێنم
ساتەکانی کوێرەوەریم
لەبیرنەچێ
مۆمی یادی حەزەکانم
تاقە جارێ داگیرسێنم
لە پەردەی دڵ بۆ ڕووناکی
ڕێگە دووری بڵێم هەم و
وا لە باوەش باخچەی شادی
ساوای دڵ پڕ حەسرەتم ڕابژێنم
لەو ڕۆژەوە ماڵئاوایی شادی ئەکرد
منی بەندی پەژارەی خۆمم
تۆ و عەشقم بیرچووەتەوە

لە گۆڤاری ڕەنگین ژمارە ١٥٣/ ٢٠٠١ بڵاوکراوەتەوە

# بەهار

بەهار وشكە گوڵان بێ بۆ
خۆ چەند جارێك قوربانی بووم
پێت نەزانی تا سەر ئێسك سووتام برژام
بووم بە سووتوو
بۆ زام ژیام
گەر بزانی تەمەنیش چوو
هەمووكاتم هەر لەسەر
تۆ تاكو ئەمڕۆ
خۆ نەمبینی و
نەشت وت بۆ
تۆ ملوانكەی یادگارێكت
یاخود نامەی شەوگارێكت
لە پریاسكەی دەنگی دڵدا





هەر بۆ جارێ نەخوێندەوە
چاوەڕوانی من بەوێڵی
لەبەر دەرگای بەزەیدا
لێت نەگەیم بەتیل ماسكی
چ هەورێكا هەڵگەڕاوی نازانم بۆ

لە ڕۆژنامەی باسەرە ژمارە/٧٧ – ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوكراوەتەوە.

## دوو شەپۆلی تەمەن

لە نێوان دوو شەپۆلی تەمەندا
ماخۆلانی ڕێگرتنی
کار مامزێکی گەرمیان
لەسەردایە
لەبەردەم بێ دەنگی و
هەناسە کورتی دەرووندا
کراسی پەژارەی زوڵمی
ڕۆژگارم لەبەردایە
کەڵپەی ئازارەکانم
لە خۆزگەی تەمەن گیربووە
ڕێچکەی ئاهە گەرمەکانی
ناسۆری شەوگارم





لە پشتە پریاسکەی بیرەوەریمن
بۆیە ماندوویەتی و دووری
ڕێگام بێ کۆتایە
لە تەمەنێکی مام ناوەندیدا
خەو دەبینم
باوەشم لە ئەڤینداری
بووکەشووشەی عەشقێکی نوێ
کردۆتەوە بە سیمای دیمەنە جوانەکانی
دێلێژە و سۆڵە و دەربەندا
هەڵدەڕوانم خەمەکانی دەروونی
هەڵقرچاوی چەندەها ساڵەی
ژینی پێ ڕادەماڵم
بە باڵای سوورە چنارەکانی
تانجەرۆی عەشقا
گۆرانی دەڵێم
سۆزی دەروونیش
هەڵگژاوە بە گیانی خۆشەویستی
ها شیعرەکەی مامە هێمنی موکریاندا

بەختیش گۆرانی لە دایکبوونی
هەڵبەستێکی دوور وڵاتی پەشێوم
بۆ دەڵێ..
جا نازانم ڕاستی چییە
خەونێکی ڕابردوو دەگێڕمەوە
یان دەنگی باڵندەیەکی سەرگەمەی
خۆزگەمەوە بە بەرگوێدا دێ
یان ئەڵقەی تەونێکی نۆیە
کراوەتە پەنجەی سوورمەوە
ڕۆژگاری تەمەن ئەمخاتە ڕێ

لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە/٣٦٦٤ ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٢/٢/١٠ بڵاوکراوەتەوە.





## یادەوەری

بۆ ئەوەندە تۆ بەزەیت
لەسەر لێو و خەیاڵ نەبوو
سۆمای چاوان بزوێنێ
تەنیا جارێ بێمە خەیاڵ
کاری حەز و ئەڤینداریت تیرە و
جگەر کون کون دەکا
چەخماخەیە لە دوورەوە
تینوی دەروونم دەشکێنێ
وەلێ چاوت نەزرگایە
دڵی شەیدا و پر سۆزی من
خەڵوەت کێشە
سووژدە دەبا بۆ دەرگانە و
بارەگای خوا
تاکو شێوەی نەشێواوی چاوەکانت
لەم هەوارەی بێدارێمە بیکاتەوە
خۆی بنوێنێ

هەموو دەمێ لە بتخانەی بتپەرستی
شەنگی سیما و گەشی چاوی
وەك ئەستێرەی بەرەبەیان
لە چوارگۆشەی خەیاڵمدا
ڕەنگ باتەوە
بەهارێکی پڕ لە خۆزگەم
وەدەربخا و نهێنییەکان بدرکێنێ
خەیانەت بوون تەنیا ساڵ و
دوو ساڵ نەبوو
ئەم چیرۆکەی شەوانی من
هەموو ساتێ زەنگی خەمە و
چرپەی دڵم داگیرسێنێ
ئەم سێبەری هەورە ساڵ و
چ ڕۆژگارێ بەسەر دادێ
لە هەواری چاوەڕوانی
لەگەڵ بەختم
تەختی ژانی زامەکانی
ئەوکاتانەی کە تۆم بینی





کە تۆم ناسی سەرم هێناو
پێشم وتی خۆشم ئەوێی
لەناو کلێپەی دڵتەنگی خۆم
تەماشام کرد کە جوانی تۆم
خۆم دەبینی
گەڕامەوە هەوڵ پرسیار وتم خۆزگە
هەزار بریا ئەم بازگەیەم ڕێ نەبوایە و
چاو لە چاوی پڕ فرمێسکا
بەخۆم دەگوت نەمدەناسی
بەڵام دەکەی چاوەڕوانی قەدەر وایە
هەر ئەبوایە بێمە دەرگا ئەوینەوە
هەڵبتووتێم وەك هەتیوی باوك مردوو
تۆوی خەمی خۆم بچێنم
لە باوەشی ئەم ژانەمدا
بتنوێنم وەك دێوانەی
کۆسارەکان هەنگاوی سۆزی دەروونە و
ناوی ئەڤینی لێ دەهێنم

٢٠٠٨/٩/٢٠ کەرکوك

## سووتان

سینەم پڕ لە گریان ئاخ و حەسرەتە
من دەمێکە گیرۆدەی چاوانی تۆم
نەکەی بڕۆیت بەنازەوە بمسووتێنی
دەنا مەیلی تۆیە
سەودا سەر و ڕەنجەڕۆم
تەنیا باڵی عەشقی تۆیە
بەسەر لاشەی هەژاریما دارڕژاوە
بۆیە لەم ژینە منی دەروێشی
حاڵ گرتوو
خەم لە بەختی سیام دەخۆم
دێوانە گەر ئاگای لێم بێ
لەگەڵ خۆی دەمباتەوە
شەو بەیادی چاوەکەی پڕ لە خۆزگە
باوەش لە گوڵی گەردن دووری
ژیکەڵەی چاوەکانی پڕ
خەندەی تۆ دەکاتەوە





تۆش ئەزانی کە بێ خەم
هەتاکو کەی فریشتەی دڵ
ئەم هەژارە لە خوێنی گەش
سی و جگەری بخواتەوە
چاوەڕێمە لەم هەوارە
چۆکم ناوە بەسەر دڵدا
تاکو بڵێن بەرخۆلەکەی
بەختی کلۆڵ کەوتۆتە ڕێ
لە کاروانی سەفەرە
دوورەکەی خۆی دەهاتەوە
هەورەکانیش گەواڵەی شەوەکانی
بوونیان لە کۆش ناوە
بەرەو هەوار ئاوڕی
ڕێگە دوورەکان
ئاوڕ ناداتەوە

لە ژمارە/٣٤٧٨ ی ساڵی ٢٠٠١ لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکراوەتەوە

## نیشتمان

دەنگی عەشقت لە پریاسکەی
کۆچەرێکی گوندەکەمدا
لە باوەش هەژارێکی لانە شێواو
دەست ستەمدا
ئای نیشتمان خاکی کوردان
لە ئازاری گوێی دەروون هەناسەمدا
یادگارێکە و بە دەیان جار
لە توێکانی گشت برینی ئەم دڵەمدا
یادەوەری قازی و سەیفی و
شێخی پیران سێدارەکەی
خوشکە لەیلا و
گشت شەهیدان لە کوردستان
لە خەیاڵی جێگای ساردی دەرد و
شەوی من و
جێگا بوونی





خورد و خەودا
ئەی بۆیە من هەر هەناسە و
ئاخی دەروون
بە هەزاران لە ئەنفال و
کورد کوشتن و کیمیاباران
دەیان کۆچ و سڕانەوەی مێژووی
ئێمە و ماڵوێرانی
تا ڕووخانی لانەکانی باڵدارەکان
بەکۆڕەو مرۆڤ سووتان
بە تاوانی کورد کوژان و
هیتلەرەکەی خاکی کوردان

٢٠٠٣/٦/٨ کەرکوك

## دووجار سکاڵا

دەمێ دێوانەی هەر ئەڤین
بەسەر خاکی مەرگی خۆمدا
هەنگاو دەنێم
کاتێ سکاڵای ڕووتیمە و
وەختێ لە گۆشەی غەم ئەژێم
دەستەمۆی خەونی بێزاریم
لەگەڵ چنگدانی دەردی شەو
ئەوەن مەودای تۆم لەسەر بوو
پەتیارەکەی بێ جێگە و ڕێم
هەرزە بوون و شەو لە جێگای
چاوەڕوانی..
کوا ئەو کەسەی
ئەو دڵسۆزەی وەکو جاران
دەنگی وەفایان ئەمەکەین
هەواڵێکی تۆ بهێنێ و





لەگەڵ گزنگ سروەی بەیان بێنێتە ڕێم
ڕێم زۆر کوتا و
زۆریش لێڵی شەوم نۆشی
بەرگی ترس و سنوور بڕی
ڕێگاکانم گرتبووە بەر
ڕەجاڵی خۆم لێوە دیاربوو
کەوشە کۆنە و
پینەداری ئەم و ئەوم لەپێ دەکرد
بەڵام بۆ تۆ چەندەم وتو ئەوەندەی کە
هەزار دڕك و درەختی چەم بێ
بە بزمار داکوتابێ
لێی ناترسم تەڵبەنیش بێ
من گەرمیانم کردە بەرگوێی هۆنراوەکەم
بۆ گریانی ئەو لافاوەی
گشت گەنجینەی ڕاماڵ دەکرد
بڕانەوەم کە مەحاڵە
هەر نەورۆز و گورزی
کاوە دەڕوێتەوە

لاله و شەوبۆ

گوڵی بەهار یادگاریمە

لەناو دەستی شیرینەكەم

خۆ دێتەوە خۆدێتەوە

لە ڕۆژنامەی پاشكۆی عێراق ژمارە ٧٢١ ساڵی ٢٠٠٣ بلاوكراوەتەوە





## بۆنی هەر گوڵێک

هەردەم لە ڕەنگێك سۆزبێ دەبیستیت

بۆنی هەر گوڵێك جۆرێ دەرمانە

شیفای زامەكەی دڵەی پڕ سۆزم

عەزیزم وەرە ببینە جەستەم

بێشك دەزانیت لەلات ئاسانە

جێی ئەو برینەی كون و نوێ و ئەمڕۆ

هەر تیری چاوت لە گۆشەی دڵمان

بەخوێن خەڵتانە

نازانم قۆچی چ قوربانێك بم

گیانم لە ڕێتە و ئەویش قوربانە

خەمیش هەر خەمە و

زۆر بێ یا خود كەم

لە جێگای بەزم و سەفای شەوانەم

كوڵێ پەژارەی تۆم لا میوانە

ئەم سەراكۆنەی گەردوونی بێباك

جێ ڕەنجی فەرهادە و هەزار دێوانەی
دەستەدامانە و تارمان و
شەوە و شوێنی بێلانە

لە ژمارە/٧٢٦ پاشكۆی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوكراوەتەوە





## هەنگاوی عەشق

كە ڕۆژ هەڵدێ هەر چاوەڕێ
كە پایز هات هەنگاو دەنێ
نیشتمانی سۆز و عەشقە
باوەش لە خوای ئەوین دەگرێ
دارەكانی بەر ڕەشەبا شان و باڵی
منالآنی ولآتێكی پڕ لە خوێن و
كەزەی دڵمە دایكی سووتاو و
بەرەو هەوار ڕێگە دەگرێ
پاساریەكان بێ هێلانەن
كێ دەیەوێ
خەڵكی خاكی وێرانەبێ
ئای كوردستان
تۆ ئەو خاكەی لە مێژەوە دەستەسەری
ڕۆژگارەكان كەسێك نەبوو ناوت بڵێ
لێت بپرسێ جا شەویش دێ
شووشەكانی ئەستێرەی

خوا هەموو زەوی و ئاسمان دەگرێ
لە مێژەوە تۆ نیشتمانی بێ نیشانی
ئەو وڵاتەی کە شەودادێ
پیرە دارە بێدەنگەکانی
نیشتمانی خاك و ژیان
هەموو ماتن
گوێی لە دنگی ڕۆژگار دەگرێ
هاوار دەکات
ئەو هاواری هەوار چۆڵەی
گوێ لە سۆزی ئەوین دەگرێ
ئاڵۆزبوونی چیرۆکەکەی مەم و زینە
خاکی خۆزگەی بەڕو دەگرێ
چۆن بیردەچێ
کە شەو داهات دەگرمانی
هەواڵێکی هەورەکانە
لە هەواری چۆڵ و وێران
لە کۆی خاکی بوون و
ژیان هەر نیشتمان خاکی





کوردان گیان لە وێنەی
ئەوینێکی بیرەوەری
هەوار دەگرێ
هەوار دەگرێ

٢٠٠١/٢/٣٠ کەرکوك

# شەوی شاعیرێک

ئەم شەو شیعرێك لە ئامێزی
زەردەپەڕی پایزێکدا گەڕایەوە
سەرگوزشتەی شاعیرێکی دوور وڵاتی
وەکو پەشێو سەری هەڵدا
نامەیەك بوو کە خوێندمەوە
پیرەمێردێك دەستی پێچا و
پێی دەگوتم
وازناهێنی لە ئازاری شەوگاری من
ها برینم کولایەوە
دەستم بگرە جەستەی سستم
چوار پارچە یەك ناگرێ
لەو ڕۆژەوە کە من هەم و
کە منیش بووم
ئەم برینەم بێ دەرمانە
کەسێك نەهات لێم بپرسێ و
کەسیش نەهات بەلایەوە
من منداڵی نیشتمانی پڕ لە ژانم





هەموو ساڵێك چاوەڕوانی
کاروان دەکەم کەی دێتەوە
پێم ناکرێ دەستبەرداری
دەردی خۆم بم
یان دەمکوژێ یاخود دەژیم
نەخۆشێکی بێ دەرمانی
وڵاتێکی بەش بەشکراو
ژێر دەستەم وەك کۆچەری
سەدان ساڵە
بەش منە زوڵم و ستەم
دەربەدەری کوێرەوەری
هەر دەردی خۆم یان خەمی تۆم
بۆ خۆم دەخۆم بۆ تۆش دەخۆم
ئای لەو شەوەی
نامەی نالی و پیرەمێرد و
دڵدارەکەی دڵدارانم دەخوێندەوە
مانگاشەو بوو لە بەرچاوی ئەستێرەکان
تەماشام کرد قانع پرچی دەهۆندەوە

باسی خاکی خوێناوی

کوردەکان درەنگ بوو

خەومەبینی قازی و سەفینم بیرکەوتەوە

شێخی پیران وا دیاربوو

لە دوورەوە زۆریش گریام

دەرگای ئەشکی پێم کردەوە

پێشی وتم ڕازی دڵت دایە خامە

بیرت نەچێ هەرچیت

لایە بیدە مێژوو

خاڵ خاڵی لەبەر بکە و

بەسەرهاتی دابڕێژە و بینووسەوە

چوار چراشت لەبیرنەچێ

بلە و بەرزان

ئاوباریك و داستانەکان

بیدە مێژوو

هەموو ڕۆژێ هەوار هەوار

بانگی بکا و بیلێتەوە

١٩٩٤/٨/٤ کەرکوك





## دووربینی

کە دووربینیێ پێچم ئەدا

هەزار خەیاڵ وەك باڵندە

دەکەونە ڕێ

تۆش ئەبینم لەسەر ڕێگام

بۆسەت ناوە

بۆ سەت کەرەت لە ڕۆژێکا

لە ژێر لەقەی نەهامەتی

ئەم بەختەی خۆم سەر هەتاپام

بە کۆڵێکی نەگبەتیا بارکراوە

ئەم گەردوونە چەنی کرد و

چەنی هانی

چ لەژێر پێی ناڕەوایی

کاسەی سەری شێلراوە

پێشم ئەڵێن لە دووربینی

ئەم چەرخەدا چ دەبینی

قورِ ئەپێوم منیش ئەلێم

خۆم ئەزانم ڕەش و ڕووتی

گشت مرۆڤێ

لەم جیهانە دێتەبیرم

ژەهری ژانە و بۆ هۆشمەند و

خاوەن بەهرە داكراوە و دانراوە

یەك شەممە/٥ی كانوونی دووەم

٢٠٠٣/ ژمارە ٧١٧ ڕۆژنامەی پاشكۆی عێراق بڵاوكراوەتەوە





## هەست و سۆزم

ناوی بوونم بڕوا و ژینم

ئەی شۆخەكەی نازەنینم

پێشم وتی لێرە مەڕۆ

ئەمانەشم هەموو نووسی

وشەی شیعرم لەدەم دەرچوو

گەڵاكانیم بەخشی بە تۆ

تۆش ئەوەندە لە خۆت باییت

منت سووتان وەك فەرهادی

كێوی بێستون نازانم بۆ

لە رۆژنامەی صوت التامیم ساڵی ١٤/٣/ ٢٠٠٣ بڵاوكراوەتەوە

# هەوار

هەوار ئەمڕۆ چۆڵەبێ تۆ
تەمەن بڕە دارێکی بێبەرە
تۆ باڵندەی هیوای من بووی
فڕیت و ڕۆییی
به ئاسمانی بێ سنوورا
ڕێگەیت بڕی کەوتیتە گەڕ
خۆشم زانیم بیرت کردم
نەمت بینی منیش وێڵ بووم
به ڕێگا تکەی ئەشکم تکەی شانی ئازارەکان
جەستەی مەست و بێ ڕۆح و گیان
جمەی هاوار خەم بۆ شار خرۆشان
بوون بە لیتە و لە ئاسمانی هەزار خۆزگە
بەسەر دەردی بێ دەریمدا
بەرد و قوڕ و داری باران





کاروانە ڕێ و ناڵەی دەروون
نووزەی گیانی شەوگارەکان
بوون بە تۆڕی ماسی
حەزم بەگشت ڕۆحی عەشقی مندا
تێدەپەڕین
هەتا ئەمڕۆ بەجێت هێشتم
هەر نەمزانی نازانم بۆ
سیروان ئەشکی گلێنەمە
منی بەندی دەرد و غوربەت
ئاخ هەڵکێش و هەناسە سارد ناڵەی دەروون
لە دووریتە لە ڕێگەمە
تۆش ئەوەندە یادم بکە
تا بزانی ژینم ئەم هەژارە
کوێ جێگەمە

لە ژمارە/٧٠٩ ساڵی ٢٠٠٢ لە ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق بڵاوکراوەتەوە

# مۆتەکەی خەم

خۆم ئەزانم
ئەم چیرۆکە وەکو ڕازی ساڵە هایە
لەسەر دڵدا مۆتەکەی خەم
هەموو ساتێ بەبێ وچان لەگەڵمایە
لە دڵما هەر ئەڵێم و
ئەمڕۆ و سبەی
ئەم داستانە لەبەردەکەم
ئەی چەسپێنم لەناخمدا
لە کۆڕێکدا دەیخوێنمەوە
ئازارەکان مۆڵەت نادەن
شارەکەشم شەوەزەنگە و
هەورە تەمە کزەبایە
بەندی دەستم





ژانی ژین چەرخی خەمە
پێ بەستی کۆت و کەمەندە
کپە وەك خۆم
لەژێر چەپۆکی دەردایە
برینەکان زیاتر دەبن
گەورە دەبن دەکولێنەوە
وەکو دەردی ئەم دونیایە
ئەو کاروانە سەرەڕۆیە
ڕێگە دوورە و
بێ کۆتاییە بێ کۆتاییە

یەك شەممە ٢٢ ی کانوونی یەکەم ٢٠٠٢ ژمارە/٧١٥لە ڕۆژنامەی عێراق بڵاوکراوەتەوە

## تاوی خۆزگەم

کۆتری سپی ڕۆژی خۆزگەم
لەسەر باڵی
هەورێکی خەستا ڕاکشاوە
تاوێ ئەمبازی دەردەبێ
دەمێ خۆی لە خۆم کێشاوە
سەرێ سەرباڵی گەڵایە
لەناو کۆشی ڕەشەبادا
بەرەو هەڵدێر هەنگاو دەنێ
ڕۆژێ پێوانەی غەم دەکا
کاتێ گوێ لە سۆزێ دەگرێ
ئەی بۆ پۆستەی نامەکانم
بۆ دڵداران دەخوێندەوە
پەلکی ڕەش شەوانی ژین
گشت بە ئازار دەهۆندەوە





هێندەم خەمی تۆ چەشتووە
شیرینەکەم
لەو دەمەوە کە ناسیتم
لەناو دڵما باڵدارێکی دەوەنداوی بوو
بۆ خۆت ئەو جێگات کردەوە
جێم لە کوێیە منی هەژار
شوێن پێی وێڵی شاعیرێکی دەربەدەرم
کردە ڕێگا و
چاوم بە خەم کردووەتەوە
باوکم نەبوو لێم بپرسێ و
دایکم نەبوو بۆم بگیرێ
کەسم نەبوو بە دڵسۆزی بێ و
دەستێ بەسەرما بهێنێ
ژیان پەتی سێدارەیە
لە گەرومدا توندکراوە
وا خەریکە دەمخنکێنێ
عەشقیش ئاگرێکی چرۆ سوورە
جەرگ و هەناو دەسووتێنێ

ئەی چی بكەم
بەهەڵبەست و هۆنراوەیەك
یادەوەری ناو غوربەت و
غەوارەیم لەبیردەكا و
ئاخی شەختە زستان و تەم لەناخمدا دامركێنێ
چ دڵسۆزێ دێتەكایە و
كۆرپەی سۆزی ئەویندارییم
دامركێنێ دەربهێنێ

له رۆژنامەی ژمارە ٦٩١ پاشكۆی عێراق بلاوكراوەتەوە





## گەردەلوول

ئێوارە بوو خاك و خۆڵی
ئەم زەمینە
بای گەردەلوول گێژی ئەدا
بۆ سەر باڵی ئاسۆی خەیاڵ
هەموو جارم شەوەزەنگی ژینێكی تاڵ
لەناو پۆستە و نامەی دڵما
بەدووم ئەهات
رێگەی ئەگرت
چاوەكانم نابینا بوون
كەچی هەندێ غوبار و
تەم لەناو خانەی سینەمدا
وەك باڵندە شوێنەوار و
لانەی دەكرد
جا كە دەریا رێی ئەگرت
شەپۆلانی وەك فرمێسكی چاوەكانی
دۆڵ كەرەم و شاری خەلیل

زەفە و بەدەم هاواری کرد
قژی زەردی ئاڵسکاوی مناڵانی
بای زۆرداری داگیرکەران ئەیشکان و
لوولی دەکرد
کە ئەم بینی مەهاباد و سنە و سابلاخ
جۆگە و ڕووبار یەکیان ئەگرت
باسی مێژوو لەو گۆڕەدا
کە چوارچرا کوژایەوە
منیش دەستم ڕائەکێشا
گوێچکەی مێژووی ژینم ئەگرت
هەتاکو کەی ئاسەواری
لەناو دەروون بکولێتەوە
داری قازی و شێخی پیران
فەلەستین و مناڵی کورد
ئەم دەردانە لە دەروونما
هەموو یەك و یەکیان دەگرت

* لە ژمارە ٦٣٨ لە ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق بڵاوکراوەتەوە





## تەمەنی نوێ

ئەم بەهارە چەپکە گوڵی تەمەنی نوێ
تۆمار دەکەم
لە چڵ لە چێوڵە دار و بەرد
لە ڕەوەند و ڕوانگەکان
بۆ ڕێ ڕەوی شوێن هەواری نوێ
پرسیار ئەکەم
کون بە کونی ئەم زەمینە
هەرد و شیو و شاخ و زەوەن
خۆ نەماوە پیانە گەڕێم
ڕێبوارەکەی ڕێگا ون بوو
ماندووی ژانی سەختی ژینم
بۆ هەتاوێ چاوەکانم بکاتەوە
خوێنی دەمارە سست و تێزاوەکانی بجوڵێ
تاکو ڕووناکی بەرپێی
ژیانێکی تازە بەدی بکا

چونکە وێڵم وێڵی
ڕێ بزرکراوی خەباتی
عەشقێکی سەردەمی
لاوی بوون و ژیانم
چاوەڕوانی خورتەیەك دەکەم
بەهیوای پشوودانی بەر هەتاویم
بەڵکو دراوەکەی هەژاری دەستی
ئەم چەرخەم
لەبەر داکەنێ و
یادگارە شوومەکانی لەبیرم بچێتەوە
ببینم ڕێگە خۆشکەری
بوونی هەوارە تازەکەی
خۆزگە و ئاواتی هەموو
شادی بوون و ژیانی
زەمەنی نێو کورەی دەروونی
خۆزگەکانم

* لە ژمارە ٦٢٤ ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق بلاوکراوەتەوە





## کزەی سۆز

کزەی سۆز و دەروونی خەم
وشەی خنکاوی ناو جەستەم
لە ژێر داری ژانی ژینا کوژاوە
بۆ گوڵێکی زەرد و ژاکاو دەناڵێنێ
گیان و جەستەم
کە مردووە و بەسەر زیندوو
لەناو گیانی نامرادی داشکاوە
خۆزگەی منیش کزەبایە
لە شەوێکی ئاواتەوە دێتە ڕێگەم
دەردەکەوێ جار بەجارێ
ئەڵێ من هەم
کەسێك نەبوو لێم بپرسێ
لە دیاری غوربەتمدا
تا بانگم کاو دڵسۆزم بێ
پێشم بڵێ هەناسەکەم
من قوربانی مشتی خۆڵێ ژێر پێی

ئەسپی سەرەڕۆیی
نەبەردێکم کە سەرچاوەی نیشاندانی
ڕێگاکەم بێ
کە سێبەری پشوودانی شەوی
ڕەش و ئاخەکانی ماندوویەتی
گشت خوناوی ئەم لاشەم بێ
بەڵام دەگمەن دەستدەکەوێ
لەم چەرخەدا لە هاوار و
دەنگی خنکاو لە چاوێکی پڕ لە خوێناو
لە هەنگاوی شاعیرێکی مەستی دەرد و
جگەرسووتاو تێ بگات و
بێتە سەر ڕێ بڵێ
عاشق ئەم دڵدارە وێڵ و
کەیلە سۆز و سەودای
چۆن دەسووتێ
ئەم هەوارەش بەجێ دێڵێن
کە کاروانی بێ کاروانی
هەر هەواری ڕێگە چۆڵێت



هۆنراوەکانی تیلەکۆ ..........

لە هەوارێك خۆ تێدەگەن
زەمەن دەڕوا بەڕێگادا
لەنێو بەختی پڕ لە ژانا شادی
خەم و هەم کلۆڵێن

* ٦/تشرینی یەکەم ٢٠٠٢ ز لە ژمارەی ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق بلاوکراوەتەوە

## ئەی ئەستێرەی هیوای ژیان

ئەی ماخۆلیای دڵ و
خەم خەون و خەیاڵ
تۆ دەبینم وردە وردە
لەناو پەڵەی هەورێکەوە
بەرەو ئاسۆ خۆت ڕاکشا و
سەر دەردێنی
جار نەجارێك هەور ئەجووڵێ
بەهەرلایەك
تۆ هەنگاوی لەژێر پێدا
هەڵ دەنێیت و
هەڵدەهێنی
تۆ دەتەوێ پێ هەڵبێن
ڕێی ماندووی سەرهەڵ دەدات
بۆ جیهانی ئاواتی خۆت
لە هەواری نادیاریدا چاو دەهێنی
ئەی ئەستێرە خنجیلانە





دڵخۆشکە ڕەوانەی ئەو هەورانە
ڕۆژێك ئەبێ تۆ بەچاوی
خۆت دەبینی لێرە و لەوێ
دەڕوێنەوە
تۆش ئەوکاتە چەپکە گوڵی گەشاوەی
ڕووت درەوشاوە و
گەش و ڕەنگین بە یادگاری دێنێ
بۆنیان دەکەی
بۆ باوەشی خۆزگەی دێنی
لە شەوانی هەورە شەودا
تۆش وەکو من هەربێ خەوی
چاوەڕوانی ڕەوانەوەی
مژدەی حەزێك بۆ خۆت دێنی
بیرت نەچێ کە دەروونی ڕۆژێکت
دێ لە پریاسکەی
خەیاڵی خۆت
هەر ئەو خەونەت بەدی بێنی

※ لە ژمارە/٧٨ ڕۆژنامەی صوت التاميم واتا دەنگی کەرکوك بڵاوکراوەتەوە

## دڵدارێكی تووڕە

هەرچی بكەم لێت ڕازی نیت
من پێت ناڵێم خۆت بڵێ چیت
عاشقێكی ئەویندارم
دڵدارێكی لانەواز و دوورە خۆزگەم
هەر ئاواتم هەناسە بێ
گڕ و سۆزی دەروونی خۆم
ئازیزەكەم هەنگاو هەنگاو
پێ لە هەڵەی خۆم دادەنێم
داخۆ گیانە لەم ڕێگەیەی پڕ هەورازە
چ ڕۆژێك بێ كە پێت بگەم بەشادی
دەروون هەڵبڕێژم بێ بەهاوڕێم
ئای لەو ڕۆژەی دەمامی خونچەی
گوڵی گۆنای ئاو پرژێنی بەربەیانت
لە ئاونگەی زەوەندێكا
تێر هەڵمژم





سەری ماری ئەم ژانەی خۆم
بەدوتوێ بەردێكدا كەم
تینوی حەز و ئارەزووی دڵ
لەو ژانەدا گشت بكوژم

* دووشەممە ١٤/٥/٢٠٠١ ژمارە/٧٨ صوت التاميم بڵاوكراوەتەوە لە كەركوك

## بڕواناکەم

بە پاکانەت بڕواناکەم
لەژێر پەردەی ئازارەکان بمخەوێنی
مناڵیش نیم بەدارەکەی
دەستی نەمرود گورگە شەوێ و
دایە پیرە بمترسێنی
کاروانە ڕێم گەلێ دیوە
ئەو دڵدارە دڵپاکە نیم
وەکو جاران
بە گۆرانی و بزەی لێوی ژەهراوی خۆت
هۆ گەلاوێژ بملاوێنی
من قوتابی قوتابخانەی
هەزار وانەی بەردەستی تۆم
من قەتارچی چەندین شەوی
کاروانە ڕێم
بێ وەفایی ئیتر بەسە
هەتاکو کەی





بۆ خەندەیەك نەرم و بێ گەرد
بەدڵێکی ساکارەوە
من چاوەڕێم
بەڵام ساڵێ تەمەنیشمان
لەگەڵ سەودای لاوێتیدا
وا بەسەرچوو
بڕوابکە من بەهیوای
بەراتی تۆم خەڵاتی تۆم
من شاعیری وشەی وردم
زەحمەتکێش پڕ تۆفان و
هەموو ساڵە سەختەکانم
چونکە نەوەی ماد و بەچکەشێری
لەناو بێشە و خاکی کوردم
من عاشقی دڵدارێکم
پێم ڕەوابێ سەربڵندی ئازارێکم
جێگای شانازیم تیابێ
نەوەك شەوی چاوەڕوانی
خەمەکانم بێ وەفایی لە تۆدابێ

لە نوێ ڕابێ

ژیان وایە

گەرچی تەمەن چرای کزە و

بەرەو خواردێ

*یەك شەممە ١ ئەیلوول ٢٠٠٢ ژمارە ٧٠٠ی ڕۆژنامەی پاشكۆی عێراق بڵاوكراوەتەوە





## خەمی خۆمە

لەسەر پلە و جەنگەڵێك ڕاوەستاوم

بە بەڵێسەی خەمی خۆمە ڕێم گیراوە

ڕێ هەورازە و سەر ناکەوێ

ئەی کێ بێ دەستم بگرێ

تا ئەم خەونەمان گرتووە

لە چاوانی خەواڵوی من

باربکات و ڕێگەی ڕاستی لەبەر پێ نێ

هێشتا شەوە هەروا لە

من تاریکە شەو چاوەڕوانم

مانگ لە گۆشەی ئاواتێکی زۆر

دوورەوە بێتە بەرزی لێم دەرکەوێ

دەبێ کەی بێ لە

من هەڵبێ ئەبێ بۆکێ

سووری سێو و

گوڵ ئەندامێ لە باخەڵ نێ

تارای ناز و ئەڤینداری

ئەم هەوارە لانەوازەی

دڵی خۆزگەکانم شۆخ و

شەنگی ناو جەنگەڵی بەختی

شەرم هەوار بگرێ

کە دەرکەوێ ئەو لەڕێ بێ

کە پێی بڵێم وەرە گیانە

بەقەد خۆشی هەموو ژینم تۆم خۆشدەوێ

هەی ئاواتی هەموو ساتم

خۆدەزانی کەی درەنگە و ئەستێرەکان

سەر هەڵدێنن

ئەستێرەی سۆز لەکوێ هەڵدێ

تۆم هەر ئەوێ

تەنیا جارێ

چاو لە چاو وەرزی حەزم

ئەو دێ دووگمەی باخ و سینە بکرێتەوە

تا ئەستێرەم لەناو سپی بەفری سینەت

بۆ یادگاری لێ دەرکەوێ

بێ گومانم





خۆت ئەزانی کەسێك نییە بێ

وەکو من هەتاماوە

تۆی خۆش بووێ

* یەك شەممە ٤ی تشرینی دووەم ٢٠٠١ لە ژمارە ٦٥٩ پاشکۆی عێراق بلاوکراوەتەوە

# دایە وەرە تەماشاکە

ئەو منداڵە شیرەخۆرەی بەردەستی تۆم
بە کە وەفای وردی خۆما هەڵگژابووم
بەقەد سینە و مەمکۆڵەکەت
لەباوەش خۆش خۆزگەتدا
لە هەژاری و دەرد و مەینەت
بەهەناسەی ڕێ چۆڵەکەت
ئەی دایە گیان شەو درێژە و
بە ئاواتی ئەو تەمەنەی
پێ ڕەوکەیم ڕاکشاوم
بەناو گیانی خۆشەویستی ساواییدا
لەبیرناچی یادت دەکەم
هەتا ماوم هەڵزناوم
بەڵام ئەمڕۆ بیرت دەکەم
من منداڵە وردەکانم
بابە بابە و کەوتوونە ڕێ





یەکێ باوەش یەکێ گڕوی
بەرگ و پۆشاك دەگرێ
یەکێ عانە و نانی لە من دەوێ
سەر ئاسیاوی بێ پشوودان
تا بەیانی لەناو
دەریای قووڵی دەردا چاویشی وێڵە و
تۆزی خەوی بێ ئازاری لێ ناکەوێ
هۆ دایە گیان چەن هەژاریت
چەن نەداریت خاکە ساریت
لە پێناوم مەرگەساتێ شەوگارەکان
ئەی دایە گیان
تۆی گلێنەی هەردوو چاوم
تۆ چەشتووتە چەندە
ئاخی نەبوونی خۆت
چەن فرمێسکت ڕشتووە
چەن جار سەرت بە کەلێنەی
هەژاریدا ڕاکشاوە
دایکی شیرین ئازیزی دڵ

چەندە بۆ من خۆت كوشتووە

چەند ئارەقەی  شەونوخونیت هەڵڕشتووە

دایە وەرە لێمببورە

لە گوناھ و لە تاوانم

تەماشاكە..

تەرمی مەینەت ئازاری بوون

تەمەمژی ئێش و ژانم

* لە ڕۆژنامەی پاشكۆی عێراق بڵاوكراوەتەوە





## پێشكەش

سەركاس و بەند و قاڵی خەونێكم

شەوگاری ژینم هەڵدەوەشێنێ

شیری بەر دایك ورد و مناڵیم

لە شووشەی ڕەشی زوخ و زاماندا بۆ دێتە كایە

كۆرپەی ئارەزووی گشت خۆزگەكانم

لەناو لانكی بەخت ئەخنكێنێ

ئەمڕۆت هەر دوێنێ پیریم داستانە

ڕۆژگار چیرۆكی لەیل و مەجنونم

لە گوێ دەخوێنێ

پێم ئەڵێن هێشتان تۆ پێ ڕەوكە نیت

لە ڕۆژنامەكان چۆن ناوت بێنین

لای وایە شەختەم بۆ دەروخێنێ

گەرچی وەك دۆم و خەڕات و چەركەز

كەشكۆڵ و بارگەم لە كۆڵم ناوە

ڕێبواری ماندوو هەر شەو لە شوێنێ

ڕووی بەزەیشم خۆ هەر پێنادەن

سەرباری خەم و خاكەساری

خۆم چاو گۆمی خوێنە

لێل و خنكاوە تاكو بەربەیان

ئەندێشەكانیش ڕام دەوەشێنێ

سەیر لە مرۆڤیش زۆر بە ئاسانی

كە ڕووم دەشكێنێ

وازانێ شایە و دەم كابەسەركار

چرای شەوانی ژیان داگیرسێنێ

* یەك شەممە ١٥ی ئەیلوول ٢٠٠٢ لە ڕۆژنامەی پاشكۆی عێراق بڵاوكراوەتەوە





## بۆ یادگاری

بوو بە دەنگی شیعری نالی

یادی یارانی جارانم

كە شەو داهات بەری بەیان

تاریكە ڕێگەی كاروانم

بەهاری چی ئەو ڕۆژگارە

پاییزی خەم خەزانە ژین

لەناو گەرووی هەوری خەمدا

هەتاكو كەی وەها بژین

هۆ نێرگزی دەستی نەورۆز

ئەم بەهارەش تۆم ئەبینی

لەگەڵ كۆمەڵە هەورەكانی پڕ

لە ناسۆری ڕۆژگار

ڕۆیت لەدەست منیش هەروا

كە زامەكانی تۆم و خۆشم

كولانەوە چركەی خۆم بوو

شەو لە تاریكی ژیانا لەگەڵیا ئەخولامەوە

ویستم هەورێ ڕابماڵم کە

ڕاپەڕیم لەناو شیرینی خەیاڵا

هەڵدەتووتام تەمەن دەڕوا

کەی لەپڕ ڕەوامەوە

گوێم لە دەنگی هاوارێ بوو

یا نەمان و یا کوردستانەوە

وەمدەزانی خەونابینم

مردووی گۆڕم

کە ڕاپەڕیم هەستامەوە

ئای خەیاڵی شیعری نالی و

خاك و خۆڵی شارەزوورم

سەفەر ڕێگە شەوگارێکە

داخی تۆیە نیشتمانم

ماندووی دەستی چەوسانەوەی

ئەو ڕۆژگارە

قاچەکانم ڕێ ناگرن ر

ڕێبوارێکی بێ هەڵکەوتوو ڕێگە دوورم

* دووشەممە ٢٠٠١/٥/٧ ڕۆژنامەی صوت التامیم





## خەمی ناوەخت

ئەو ڕۆژانەم دێتە بەرچاو

بەرگەی غەمی زۆرم دەگرت

خۆشم لەناو خوێنی خەمدا

تێکەڵ خەمی چەوساوە کرد

هۆ داربەڕووە خنجیلانە

کە بای شەماڵ قەد و باڵاو پەلکەکانی

گەشاوەیان ئەشکانی

سەریان دەدای لە هەورازی بەربەیانی

هۆ باڵندە وردیلانەی نیشتمانی چەوساوەکان

بای ڕەشەبا لانەکانتان دەشێوێنێ و

دەیڕوخێنێ

هۆ منداڵە هەژارەکان

خاك و خۆڵی قینی ڕۆژگار

چاوی گەشتان هەور و

تەرزەی نەهامەتی ئەیگرێنێ

هۆ دایکانی نیشتمانی بەش بەشکراو

کە سووتاوی شەوی

تار و سرەوتنی دەستی ڕەشی ڕۆژگارا نیت

ماندوویەتی سۆزی دڵتان

لە ناوەختی تاریكیدا ڕادەژێنێ

گشت لە مێژووی نامەكانا نووسراون دانراون

ئای ئەوكاتەی خۆم ئەبینم

لەناو گێژی هەموو دەردی

لە جۆلانە و هەست و سۆوم

بای هەژاری دەرد و سەری و كوێرەوەری

دەردە ساتی ئازارەكان گێژم دەدا و ڕام ئەژێنێ

كەسێ وەك من چاوەكانی لێتان نەبوو

تا فرمێسكی

گەرمی چاوی گەشی وەك كاسەی غەم لەبۆ ئێوەی

نیشتمانی خاك مەینەت لەناوەختا بێ

بە ڕووبار هەڵی ڕژێنێ

پۆلە كۆتری بێ هەواری نیشتمانی

خاپوور كراو بەرەو كوێ چوون

ئەی بۆ ویژدان لە وڵاتێ

قەت نەجووڵا و ناویان بهێنێ

* سێ شەممە ٢٨ ئاب/٢٠٠١ لە ژمارە/٦٤٩ ڕۆژنامەی عێراق بڵاوكراوەتەوە





## چۆن بتوانم

دەپێم بڵێ چۆن بتوانم خۆشتم نەوێ

گشت تەمەنم ڕۆژێك نەبوو

تیشكی چاوتم لێ نەكەوێ

ئەشێ شەوێك لە شەوانی هەموو ژینت شووشەی

دڵت درزێك نەبا و منی تێچم

كاتەكاتی دەردی دەروون

شوێن هەواری كۆنە زامێ

لە ناخمدا هەڵ نەچێت و نەداپێچم

ئەشێ كاتێ لەناو بوخچەی خەیاڵاتت

یادگارێكی ڕابوردوو

بێ و منی لێ بم

ئەبێ ڕۆژێ لەبیرت بێ ڕەنج بەرێك بووم

لەبەر دەرگای بیرەوەری بەسەرهات و ناسۆرەكان

چ ژاندرمەی مەینەتێ بوو

قووتم دەدات لەبەر شۆخ و

گەردن و ڕووت حوكمی چاوت سزای دەدام

لەسەر ڕێگای

هەموو ژینم بوون و نەبوون

هاژەی باڵی هەورە گەرمی ڕۆژگارەکان

سۆز و دەنگی باڵداری هاوینێکی مەرگەسات

بوونە خەونی خەمێك دەهات

* یەك شەممە/١٠/ئاداری ٢٠٠٢ لە ژمارەی/٦٧٥/ ڕۆژنامەی پاشكۆی عێراق بڵاوكراوەتەوە





## درەختێک بووی

ئەڵقەی شیعر و دڵداری خۆم

کردە پەنجەی بوکێنی تۆ

ئەو سەردەمە درەختێك بووی

لەناو چاوگەی دڵما ڕوای

بووی بە نێرگز لەناو مێرگی

خوێنی لەشما پەیتا پەیتا ئەز نەکتەدا

سەردەکەوتی وەك ئەستێرە لە دامێنی

ئاسۆگاوە بە هێمنی هەڵدەکشای

تەماشام کرد گەورە دەبی

نۆمایەکی نۆ بەهاری وەرزەساڵی

فێری ڕەوتی عەشقە کرای

بەڵام تەمەن وا ئەمڕۆکە

بەرەو خەزان داخزاوە

نە من لاو و نە تۆ نێرگز

وەك بەهاری جارانی مای

ئەی دی گوڵی وەرزە ڕێزی

ئەم چەرخەشمان لە کۆتایی
خێڵ ڕەوەکە لە یەخەدای
بە تەمەنی ئەم ڕۆژگارە لە ئینجانەی
چاوەکاندا هەڵدەسوڕای

* یەك شەممە ٢٠٠٢ ١٤/تەموز/ لە ژمارە ٦٩٣ ڕۆژنامەی عێراق بڵاوکراوەتەوە





## هەوارێك

بۆ تەنیایی خۆم دەگریام
یان شیوەنی بەهارێکی کرۆزاوکەم
پەساپۆرتی کوێ هەڵگرم
کلی کام خاك لەنێو چاو کەم
لە وێرانەی گشت وێرانی وڵاتێکی لەتلەت کراو
سووتا و سووتاو لەنێو
گەڵای دارەبەن و داربەڕووەکان
وەك پاساری بێ پەڕ و باڵ
وەك جنۆکە و جێگە نادیار
سەرم دەکرد بۆ هەوارێك بیکەم بەشار
بەڵام خوێنم جەستەم خاکم نیشتمانی کۆت لە دەستی
شۆخ و پاکم
گشت دەگەڕاین کێومالْمان کرد
بۆ ئاڵایەك کە داگیرکەر دزی لێمان
ئێمە و خاك و نیشتمان و نەتەوەی کورد
زمان لاڵ بوو سەریش کاس

کاسە کەلی
دەستی زەمەنێك بیٚ هۆشکات
گشت دەگەڕان
لەنێو خاکی تاریکە شەو
وەکو ئەشکی گلێنەی چاو
ئەو چاوانەی بە زیندووی لە خاك نران
یان بە بۆنی ژەهری نامۆ ورد و هەراش
لەنێو لانەی گەرمی شەودا لە خەوکران
ئەی خودایە هەتاکو کەی
ئەم برینە هێندە قوولە
هێندە سەختە بڕوا چوون
چۆن ئەو یادە و ئەو ڕۆژگارە
لەنێو قوولی جۆگەلە و
خوێن خەمی گەورەی پیر و
پۆشی ولاتی دیل ژێر دەستەیە و
هەم هەژارە

١٩٨٩/٨/١٢
چەمچەماڵ





## غەمێکی نویٚ

هەتاو بە گوێی ڕووبارێکی
غەمبارەوە هەڵنیشتبوو
گوێی بۆ شنەی شەماڵ دەگریٚ
کزەی گەرمی تاوسانیش زەوی سووتان
ئەو ڕۆژە بوو وتیان ئەنفال و کورد قڕانە
کۆتری هیوای سەر لانەکان دەیانگرت و
باڵیان دەکرد هێرۆشیماش هاتەوەبیر
منالانی هەڵەبجەی کورد ڕۆژیش هەور و
گەرمە تەمی دوا تۆفانی کلۆڵی بوون
کورد قڕان و ئەنفال کردن بەدەست
گورگی مەڕ خۆرەوە بە دەیان و هەزارانیش
تاوان تاوان تاسەر ئەژنۆی خوێن ڕێژەکان
سەربڕین و زیندەچاڵی منالی کورد
بەدەیان و بە هەزاران ڕۆژی مەینەت
لەناو خاکی بیٚ ئالادا دەرد هەر دەرد و

ئازارەكان هەر شارێكە هەر وێرانە

جێگای خەم و دەرد و ژانی ڕۆژگارانە

٢٠٠٠/٩/٢٠

كەركوك





# بۆ پەپوولە بێ باڵەكان

بۆ پەپوولە بێ باڵەكان

بۆ مناڵانی ڕووت و هەژار

هەموو دەمێ لەسەر زەوی پەژارەمدا

دڵ وەكو نەی هاواری كرد

لە گێژەنگەی ژانی دەروون

باسی سۆزم بۆ دڵ دەكردەوە

بروسكەیە هەوری تاڵی دوا جاران بوو

لەناو دڵدا هەر ئەیناڵاند

گوێیەكانم لێكردەوە

چەند هاوارم پێ بیستووە

چەند گریانی ژێر چەپووكە و

هەژارانم لە ناخمدا هەڵگرتووە

چەندینساڵی بێ بارانم دیوەتەوە و

لە لاپەڕەی مێژووی ژینا

بێ یەك و دوو یەك یەك تۆمار كردووە

لە كاروانی بێ داریدا گەلێ ڕێگای

ناهەمواری ئەم ژیانەم پەی کردووە

ئەو داخانەی لەناو گۆشەی خەیاڵییەوە

هەموو ساتێ کۆڕ دەبەستن

سەر دەردێنن ڕۆژی خۆزگەم خامۆش دەکەن

بە کەناری دەریایەکی

ناسۆریدا هەنگاو دەنێن

شەو مەزاری کاتەکانی پڕ دەردم وەبیردێنن

زۆرم دیوە و زۆر دەبینم

ستەمکاری لەسەر زەوی ئەم گەردوونە

کە بێ دەنگی و دەرناکەوێ بۆ منالێ ڕووت و برسی

نووکی ڕمی سوورکردەوە

سەیرە ڕەنگی کەسانێکە و

جەستەیەکە وەك مردووە

❊ یەك شەممە تشرینی یەکەم ٢٠٠١ ژمارە ٦٥٨ ڕۆژنامەی عێراق بڵاوکراوەتەوە





## شەو

شەو باوەش ڕاکشاو و کش و ماتە

بۆ هەزاران دڵی پڕ غەم

منیش تەنیا

لە دووری تۆ خەمی تۆیە

لەباوەشمایە هەڵبەستی دەروونم

دەرکراوە داڕووخاوی خەمی زەمەن

لە پایزی زەردە ڕێزدا

گوڵی خۆزگەی لە دڵی داوە

❊ سێ شەممە ١٩ی حوزەیران ٢٠٠١ز لە ژمارە ٦٣٩ ڕۆژنامەی عێراق بڵاوکراوەتەوە

# گەرمەشینێ

گەرمەشینێ هەڵبەستێکی خنکاوی دڵ
هەڵئەچێ لەناو دڵەی پڕ لەداخی نامرادی
دووره یاری شەوەکانم بۆ بەهار و بۆ چاوی گوڵ
پێچ و پەنا و بن دار بەرد
خۆ نەماوە کە پڕ نەبێ
لە جۆگە فرمێسکی چاوەکانی پڕ
لە ناڵە و گریانم
هەرچی سۆزی دێ لە ناخمدا هەموو
ئاوازی شیوەن شەوی تاریکی پڕ خەم و تەم
ڕێگە دووری ئەم هەواڵانەیە
کە هەڵئەچێ گریانی دڵ
لاپەڕەکانی مێژوو هەڵئەدەمەوە کەچی هەموو
پڕ فرمێسکی خوێنن و
دڵۆپە ئاوی چاوەکەی پڕ لە گریانم





ئەزانم چی داخ و نائومێدی
ڕێگەی بەری لای پێمی گرتوون
کەچی خاکی هەژاری من
لە کۆشی نائومێدی ناڵانی دڵ

* لە ژمارە ٧٨ ڕۆژنامەی صوت التامیم واتا دەنگی کەرکوك بڵاوکراوەتەوە

## دەردەسەری شەوەکانم

تەمی ژین و هەڵڕژانی ئەشکی بەخوڕ
نەسرەوتنی چاوەکانم دایە دوێنێ
من منداڵ بووم
گڕو گاڵم بۆ دەکردی
خەمی تاڵی شەوەکانم
لەناو دڵتا بۆ لابردی
بەڵام ئەی کێ ئەی دایە گیان
نووری چاوم
ئەمڕۆکە بێ وشەی زارم ڕابهێنی
ناوی عەشق و خۆشەویستی باوەشی تۆم لابهێنێ
ئەی کێ ئەی کێ ئازیزەکەم
هەبێ وەك تۆ
هەست و سۆزم ئەی دایە گیان ببزوێنێ
ئەمڕۆ نەبوو بۆ کەس نەبوو
نە ئەمڕۆکە و نە سبە و دوێنێ





چ کەسێك بوو لە ژیانی دونیای تۆدا
کە دڵی من بهەژێنێ
مێژوویەکی تاڵم بینی لەو ساتانەی هەبوونمدا
دایە تۆش بووی خەمی گەورە لەناو ناخو دڵی مندا
با کوێستانی بەفر و خەمیش هەوری ئازار بڕوێتەوە
ژانەکانی شەوگاری تەم خەمی دڵیش ناڕوێتەوە
ئەی دایە گیان
گیانی شیرین شەکری ساتی منداڵی من
لەناخمدا هەڵدەقوولآن ئازارەکان
بوون بە خەون و خەیاڵی من
ئەی دایە گیان چی شووشەی دڵ دەشکێنێ
کێ زامی من دەبزوێنێ
جگە لە تۆ جگەرگۆشەی ناو دڵی
خۆم گڕی کوڕەو دەروونی من
لەناخمدا هەڵ کولآوە ك
ەسێك نییە وەکو ئێوە دامرکێنێ

* لە ژمارە/٦٦٩ ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق بلآوکراوەتەوە

# نێرگز

هۆ نێرگزی بەهاری ساڵ
منیش تینووم بۆ ئاوی تۆ
وا نەورۆز و بەهاریش هات
بەتۆ شاد بووم
ڕێگەت خۆش بوو بۆ گوڵزار و
نۆبەهاری ساڵێکی نوێ
لەناو هەناسەی هەرسکەوتوودا
کەوتوومە خەونی جوان و بەهاتەوە
گۆمی خەمەکانم خوولم پێ دەخوا
بەڵام بەتەماتم سەری جاری
دووەم چاوم بەتۆ و
لاگیرەی گەردنی کچە کوردێکی گەرمیانی
نێو خاکی گڕ و فرمێسکی
دایکی ڕۆڵە ون بشواتەوە





ویستم چاوم بە چاوی کیژە
گەردن بەرزەکەی بادینانم بکەوێ
جەژنە پیرۆزە خۆمی نەورۆزی
ساڵی داهاتووی لەگەڵدا بکەم
هۆ نێرگزی دەستی نەورۆز
ساڵ ڕۆیشت و لە عومری من
خەمی خەویش ڕام دەهێنێ
بۆ هەواری ڕابردوومان دەمباتەوە
ئەو کراسەی لەبەردابوو
ئەو سەودایەی لەسەردابوو
شوێن و زامی گشت خەمەکان
ڕادەبوورێ و دەیشواتەوە
لێڵی چاویش هەروا ماوە
لەنێو غەمدا قەتیس ماوە
چاوەڕوانی بەهارێکم بێت و بۆمی بشواتەوە

لە رۆژنامەی صوت التامیم ژمارە ٧٨ لە ساڵی ٢٠٠١ بلاوکراوەتەوە

## باران

تا دەبێ بۆ من بارانم
خۆشەویستییە لێم مەپرسە
بۆ بارانم خۆشەویستییە
پێش باران لە دایك بووم
تا چاوەكانت ببینم دڵێكی بێلان و
پارچە پارچەكراوم
بێرەلامەوە كۆم بكەرەوە
ئەی كوڕی جوانی گەرمیان
تەنیا وشەی سەر كاغەزم ناوێ
دڵ بەڕێی هاتنەوە
هەرگیز داناكەوێ
پەیتا پەیتا زامەكانت میوانداریم دەكەن
لە خۆشیدا لە شێتیدا سەما دەكەم
بۆ سۆزی دڵ بۆ گیانەكەم





خۆمت بەقوربان دەكەم
وەك ماسییەكی لە دەریا ئاوارەبوو
گیانەكەم ئەی دوور و نزیك
بۆ ئەوپەڕی جیهان دووركەوە
ڕووناكی دڵم بەردەوام
لە گازنگەی دڵی خەمدا بانگت دەكات
تاكو دەبێت وشەی زاری ئەو هۆنراوە
بەهارێكی جوانی ڕەنگین
لەناو ناخدا هەڵكوڵاوی خەونی هۆش و
نێو خەیاڵی گەورەت دەكات
كە دوێنێكە پایز هات و
چاوەڕوانی دوو بارانی زستان دەكات
هەوری بەهار دەشریخنێ
ساتێكی كە بەڕێ دەكات
بەهار دەچێ و وەرزیش مەرگی خۆی دەبینێ
خەزان تەمە وابەڕێوە
چاو لە خەوی خەیاڵ دەنێ

لە ژمارە ٧٨ لە ڕۆژنامەی صوت التامیم بڵاوكراوەتەوە

# خەم

خەمی تۆمە کە ڕێبواری بە ڕێگاوە
چاوەکانت چیرۆکێکن یادگارەکان دەگێڕنەوە
عومری منیش گەر بزانی ئەزیزەکەم
گەرچی هەرەتی لاویمە خەمی غوربەت
وای لێکردووم خەزانێکم بەدەم باوە
ئەشکی دیدەکەم ناکا تۆ نازانی دەریای مەنگە
خەیاڵی دڵ هەندە قووڵە فرمێسکەکان ڕێگەنادەن
لە گلێنەی خوێنیشمدا دڵۆپ دڵۆپ قەتیس ماوە
کە پێم ئەڵێن دەبا بڕوا من لە بەسرا و دوورە خۆزگە
لەنێو کاسەی دڵی کەیلانە شێوەی تۆ
زەمەن عومری بەبابردووم وەرە با دڵێش هەڵدڕین
کە چەند ئاخی لێ خنکاو وە یەکێ تۆیە و دوان خاکم
ژانی زۆری دڵی تەنگە و نیشتمانی بێ ئالآیە
هەندە زۆرە وردە ڕێگا هەر خەیاڵی لە ماڵێکە
ژانی شەوانی دووریمە کە دێوانە وەکو من
بوو کە لە غوربەت تەنیایە





# سەفەر

سەفەر هاتوو نامەکانت بیرەوەریم دەگێڕنەوە
خوێندومەوە لە خۆم ڕوانی بە هەورازدا هەنگاو دەنێم
هەرچۆنێ بێ بابزانم گەرد و
تۆزی ئەم خەیاڵەم دەمتاسێنێ
ڕێگایەکی گەلێ دوورە
چەندە دوورە بۆ کوێ دەچێ
ئەی چۆن بگەم لەو هەورانە
خەمێك لەبیرم بەرمەوە
تەزووی بایەك بەسەرمادێ
بێشکەی تەمەن ڕادەژێنێ
ئەو دەمانەی هەورە ڕۆژن
چاو بۆ ئاسمان هەڵکورماوە
بە ئاواتی سەردەمێکم
ڕێبوارەکان گرژ و ماند بەرەو هەوارن
یان چاو بکەن بۆنی بەهار

هەواکانی نیشتمانێك هەڵ بمژن

ئاخۆ ئەوان وەکو من نین

هەورە ڕۆژیان لەبیربچێ

قاز و قوڵنگی دوو باران و

بەرە و هەوار سەریان ناوە بەرەو لانە

ڕێگە برن دەڕۆن بۆ وێرانەی بێ هێلانە

منیش وەك شێت جەستە ماندوو

لەو خەمانەی ئازارەکان

بۆ گەرمێن لە کوێستانی ساردی دڵدار

هەر هاوارە هەنگاودەنێ

هەر فرمێسکی ئەشکی دیدەی پڕ گریانە

خۆ ناشزانی ئەم هەورانە بۆ کوێ دەچێ

سەردەمێکی چراخانی چەخماخەکان

لە ڕێگە و هەم چاوەڕێ

چاولێکنانێ بۆ کاروانی بارە

خورمای هەواڵێکی خۆی دەگەڕێ

هەر دەوەنێك بەدار دەبێ

هیواکانمان دەژێنێتەوە





ئەم سەفەرەش ڕاخەری دڵسۆزی

شەوی بێ ستوونێ بوو

تەلارێکی وەك خەیاڵم ئەبوو بەماڵ

بۆ تیلەکۆ لە جەنجاڵی خۆم دەڕوانی

کە گیرساوم بە خەمێکی درێژ و

دوور سەرم هەڵدا بۆ هەوارێ

هەر ئەوەبوو کە گیرۆدەم

تیلەکۆش وا بە یادگاری شیرینەوە

وەکو فەرهاد ڕەنجەڕۆیەك

خەریك ماوە لە سێبەری سبەینێیەك

تا زووش ئاوا کە ڕۆژ هەڵدێ کە ڕۆژ هەڵدێ

# زایەڵە

شۆڕش گیرا سەری بەتەم
بە زایەڵەی مناڵ و پڕ شار خرۆشاو
شەوەزەنگی ئەنفالی كورد باڵی كێشا بەسەرماندا
نەفرەت لەوەی چاوەكانی بێ خەم لێك نا
ساڵ خەزان و خەم خزایە گەرووی سۆزی دەروونەوە
كەسێ نەیپرسی لەم هەرایە وەك سووتانی فەرهادێك بوو
چرا خامۆش نەیارەكان بەری ڕۆژیان لێ دەگرتین
لەبەرچی بوو ئەم هەرایە گەڵای عومری مناڵانیان هەڵدەوەراند
هەر بۆ ئەوەی لەم خاكەدا ئێمە ژیاین چی كە نەبوو لەو گۆڕەدا
ئەم زەمەنەش بێ وەفایە ستەمدیدەی دەستی چەرخ و
هەر مرۆڤین چی كە نابین
هێندە نەبێ لەم دونیایە تەنیا كوردین
تەنیا كوردین جەلادەكان وادەزانن دەبڕێنەوە
بە شاڵاوی دەستی ڕەشی ئەنفال كردن دەتوێینەوە
نەخێر نابێ بە ئاسانی نەتەوەیەك هەندە بێ هێزبێ
تەواو بێت و سەر و ماڵی كۆتایی بێت بەتاڵان چێ
ورەی بەرزی دابڕمێ
وەكو بەفری سەرچیاكان بچێتەوە





# فەلەك

فەلەك من بۆچی دڵ پڕ لە ژان بم
هاوڕێی ئازاری گیری دەوران بم
ئەوەندە وەستام بە چاوەڕوانی
سەیری ژینم كرد بە پەشیمانی
بەهاری تەمەن هەر بوو بە زستان
برینی دەرون خوێنیان لێ دەتكان
تاكەی بەهاری ژین بسووتێنن
كورد لە خاكی خۆی وا بڕەنجێنن

* ١٩٨٩/١٠/١٢ چەمچەماڵ ڕۆژی هەینی

## ساتێ

ژیان خەندە و ئازاریشە سەکۆی تەمەن دەهەژێنێ
ساتێ چرای دڵ ڕوونەکات
کاتی وەرزە بەهارێکە
چەمەن ڕەنگین و ئاڵاوە
بۆی گوڵاڵە شەپۆل دێنێ
ڕۆژێك ئەو ئازار دەماڵێ
شەوێك پەرژینم هەر خەمە
هەموو کاتێ دەردی چاوتە
هەڵگیرساوی ئەو دڵەمە
کۆچبەرێکی ڕێگە دوورم
ژانە کورتی هەناسەمە
گەر بزانی وێڕای عەشقت
ژیان ژانە ئێشە خەمە
خوێنی شاویسە چاوەکەت
ڕاستە گوڵی بەر و یەخەت
سەرسامی ئەو ساتەمی
دووریت گشت هاواری نێو جێگەمە





وا دەزانم دەنگی ناڵەم بێزارکەی
هەموو کەسە و
وێرانکەری کۆی جەستەمە
خودایە چەندە بێزارم
تەمەن بۆ من ژان و تەمە
ڕۆژێك وتت پەیمانم داوە
دەمێ بینیم پەشیمانی
زوخاو لە زامی دڵ دەچێ
تەڵەی شەوگار دەمهەژێنێ
کەچی تۆ هەر پێت نەزانی
وتم گیانە با لە جەستەم جیابێتەوە
هەرچی ڕێگام کوتا
بەوەش هەر تۆ پێت نەزانی پەشیمانی
گیانە هەستە لە خەوی خەم
ئێستاکە تۆ لە سووتانی
باڵندەی عەشقم لەڕێتە
ئەو دێ بۆچی نەتزانی

١٥/٤/٢٠١٠ کەرکوك

# ئەشكی ڕێگا

مەمكە شێخی ئازاری شەو و
گڕوی چاوت چرای دڵمە
تا نزاشم بگاتە كڕوزانی زامی ئەشق
بۆ كوێ دەچێ
تابگەم لیێت مەم خنكێنە
لەناو ئاخ ئێشی و زوڵما
ئەو بەڵێنەی كە بەخشیت پێم
لەناخەوە پەشیمانی
كوا پەیمانت ئەی ئەو كەسەی
لە ڕووكەشدا چراخانی
پێم نەوتی چەند بێزارم
لە ئازاری شەوی بێ خەو
وەكو ژەنگ و خاك و
ئاسن بە زەمەنێك
خەمیش جەستە و ڕۆحم دەخوا
هەر ئەڤین و ڕەگی كۆتی





لەناو خوێنا و لە جگەردا
هێند دەروون پڕ لە دەردە ڕێگە و نیشان نادا
سوێند بە گەورە و تاكی گەردوون
نوشتە و جادو نامهەژێنێ
بۆ سەر زەوی ئەم گەردوونە
ئەڤینی تۆ و چاوەكانت
هەر ڕێگایەك هیچ وڵات شێوێن هەوارێك ڕێم پێنادا
خۆت پەیمانت بەدڵ بەخشی
دڵیش هەرگیز لەو ڕێگایەت قەت لانادا

٢٠١٠/٢/٢٠ كەركوك

## نوێژی نیشتمان

بەردە نوێژی شەوانی من خاکی خۆزگە و ئارەزووی دڵ
جێی گریان و ژوانی من خەمی کێ ئەمهەژێنێ
بە ئاراستەی خەیاڵێکدا یادەوەریم هەر گریانی جارانییە
کەچی چاوم چاوەڕوانی وەڵامێکە و
ئەشکی خوێنیت هەڵئەڕژێنێ
پێم ناکرێ لەیادیکەم گۆشەی چاوت ئاسمانمە
ئەستێرەی دڵ نشێومیدا خۆی دەنوێنێ
من بە شەیدات ناوبراوم
لەنێو گێژی مەرگەساتی زامەکانما
هەڵگژاوم چۆن بزانیت ئەم تەمەنە
وەکو جاران باوەش لە ژین هەنگاو هەنگاو سەر هەڵدەدات
و بە پروشەی بەهارێکی نەرمە باران ئاودێر دەبێ
و بە سروەکان دەڕوێتەوە
بیریش ناچن ئەو شەوانەی خەومەبینی بە هەواری
منالێکی ڕەش و ڕووتی گوندەکەمان





کە برسێتی پێچی دەدا و
لەناو جێگای خەمەکاندا وەك ئەم بینی ئەتلێمەوە
بڕوا مەکە بەوەی وتیان چاوەڕێبە لە وەرزێکا
خەم خۆرەکان سەرهەڵ دەدەن لەناو شاخ
دەوەندەکان پیرەداریش دەڕوێنەوە

٢٠٠٢/١/٢٠ کەرکوك

**ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت**

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٨ | خوێندنەوەی چەند دەقێکی | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | ٢٠١٠ |
| ١٠٩ | هەرمێیەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | ٢٠١٠ |
| ١١٠ | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١١١ | ١ ١ ١ نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەمە سەعید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | دانای کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٤ | سلێکوك هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵڵا سەڕاج | | ٢٠١١ |
| ١١٥ | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٦ | بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | ٢٠١١ |
| ١١٧ | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | | ٢٠١١ |
| ١١٨ | دەرگاکان | کۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵڵا | | ٢٠١١ |
| ١١٩ | تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە | کورتیلە چیرۆك | بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٢٠ | گەشەکردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد باخەوان و | |
| ١٢١ | لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | عومەر عەلی شەریف | | ٢٠١١ |
| ١٢٢ | وازییەکانی رەشەگۆم | ڕۆمان | کاکە مەم بۆتانی | | ٢٠١١ |
| ١٢٣ | شاری لە غەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین | | ٢٠١١ |
| ١٢٤ | ململانێ لەگەڵ پرسیاردا | کۆدیدار | دانا عەسکەر | | ٢٠١١ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢٥ | ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم | دەق | سوارە نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١٢٦ | عامُ الصِّفو | شعر | صباح رەنجدەر | ترجمە: المهندس محمد حسین رسول | ٢٠١١ |
| ١٢٧ | ڕاکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە | چەند دەقێکی شانۆیی | عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) | | ٢٠١١ |
| ١٢٨ | لقاءات تحت أشعة الحروف المشرقة | مجموعة حوارات | سردار زنكنە | | ٢٠١١ |
| ١٢٩ | دزەکان | کۆمەڵە چیرۆك | | ئازاد نەجم | ٢٠١١ |
| ١٣٠ | ڕووبەرێکی ڕەخنەیی | ڕەخنەی ئەدەبی | د. فوئاد ڕەشید | | ٢٠١١ |
| ١٣١ | کتێب | خوێندنەوەی بیست | جەلیل کاکەوەیس | | ٢٠١١ |
| ١٣٢ | لە سۆاخی عیشقدا | کۆمەڵە چیرۆك | سەلمان شێخ بزێنی | | ٢٠١١ |
| ١٣٣ | عومەر سەیفەدین | لێکۆڵینەوە | | و. لە تورکییەوە: | ٢٠١١ |
| ١٣٤ | مەحوی ناسی | لێکۆڵینەوە | هیمداد شاهین | | ٢٠١١ |
| ١٣٥ | بەیداخ | نۆڤلێت | حەمە کەریم عارف | | ٢٠١١ |
| ١٣٦ | زایەڵەی ئاوەسپی | کۆمەڵە بەرهەم | ئا: بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٣٧ | بازاڕی ناوخۆیی | ڕۆمان | | و: بورهان ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ١٣٨ | ڤلادیمێر سیمۆنەڤیچ ڤیسۆتسکی | وەرگێڕان | | و: لە رووسییەوە | ٢٠١١ |
| ١٣٩ | پەنجەرە بچووکەکان | چیرۆك | ئازاد عەبدولواحید | | ٢٠١١ |
| ١٤٠ | چەند بوارێکی زانستی زمانەوانی کوردی | زمانەوانی | حمید خالید کەریم | | ٢٠١١ |
| ١٤١ | گەڕانەوە | چیرۆك | چنوور نامیق | | ٢٠١١ |
| ١٤٢ | لە مەدرەسەی نالییدا | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | حەمە مەنتك | | ٢٠١١ |
| ١٤٣ | قاوەخانە | کۆمەڵە چیرۆك | | و: ستار شێخانی | ٢٠١١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤٤ | دارستانێك لە شمشاڵ | شیعر | نامق هەورامی | | ٢٠١١ |
| ١٤٥ | شینبوونی بەرد | كۆچیرۆك | د. موحسین ئەحمەد | | ٢٠١١ |
| ١٤٦ | چۆن و چی بۆ منداڵ | لێكۆڵینەوە | لەتیف هەڵمەت | | ٢٠١١ |
| ١٤٧ | مصطبة وحيدة أمام القلعة | دراسة | فاروق مصطفي | | ٢٠١١ |
| ١٤٨ | في الشعر الكُردي المعاصر | دراسة | هشام القيسي | | ٢٠١١ |
| ١٤٩ | كتێبی بۆشاییەكان | شیعر | ئەدیب نادر | | ٢٠١١ |
| ١٥٠ | ئەو هەتیوەی نابێت بە پیاو | چیرۆك | | عەبدولستار جەباری | ٢٠١١ |
| ١٥١ | ڕاز و گەمەی ئیشق | شیعر | عەباس مەجیـــد داوودی | | ٢٠١١ |
| ١٥٢ | نووسەر و نووسینەوەی زمان | لێكۆڵینەوە | نیهاد جامی | | ٢٠١١ |
| ١٥٣ | زیارەتی ماچ | شیعر | ڕەسووڵ سوڵتانی | | ٢٠١١ |
| ١٥٤ | لە گێژەنی پرسیاردا | دیمانە | حەمەفەریق حەسەن | | ٢٠١١ |
| ١٥٥ | بنەماكانی ڕەخنەی ئەدەبی | ڕەخنەی ئەدەبی | محەمەد سابیر مەحموود | | ٢٠١١ |
| ١٥٦ | دڵی داگیرساوی دانكۆ | چیرۆكی وەرگێڕدراو | | و: ئەحمەد عارف | ٢٠١١ |
| ١٥٧ | شورای گۆڕەكان | كورتە چیرۆك | هیدایەت محەمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٥٨ | كۆچباری گزنگ | ڕۆمانە شیعر | ستار ئەحمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٥٩ | باloولی داناو قەرەقووش | بەسەرهات و پەند و ئامۆژگاری | عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان زەنگنە | | ٢٠١٢ |
| ١٦٠ | هونەرستان | خوێندنەوەگەلێكی هونەرییە | ئازاد گەرمیانی | | ٢٠١٢ |
| ١٦١ | بەسەر شانی سەحەردا وەرە | كۆمەڵە شیعر | عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ | | ٢٠١٢ |
| ١٦٢ | مینا ڕەنگینەكان | كورتە چیرۆك | جەلیل محەمەد شەریف | | ٢٠١٢ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٦٣ | چیرۆكەكان | كۆمەڵە چیرۆك | محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە | | ٢٠١٢ |
| ١٦٤ | گەڕانەوەی تارماییەكەی ژەنەراڵ | كۆچیرۆك | سەمەد ئەحمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٦٥ | كەركوك لە دیدی چەند سەرچاوەیەكدا | لێكۆڵینەوەی مێژوویی | هاشم عاصی كاكەیی | | ٢٠١٢ |
| ١٦٦ | گوڵبژێرێك لە وتەی ناوداران | وتەی ناوداران | ئامادەكردنی: ڕەزا شوان | | ٢٠١٢ |
| ١٦٧ | ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم | یادەوەری | زاهیر ڕۆژبەیانی | | ٢٠١٢ |
| ١٦٨ | مەرگی ئیلزە باسكولایت | كۆمەڵە چیرۆكی وەرگێڕدراو | و. حسێن عەلی | | ٢٠١٢ |
| ١٦٩ | هۆنراوەكانی تیلەكۆ | هۆنراوە | عاسی عەلی تیلەكۆ | | ٢٠١٢ |